## ستاره عارف/

# سیاسەتکردن بە پرسە نەتەوەییەکانەوە

بەپێی مادەی4ی دەستوری عێراقی کە لەبڕگەی یەکەمیدا: هاتووە، "زمانی عەرەبیو کوردی دوو زمانی فەرمین لەعێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لەفێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان", لەخاڵی دووەم بڕگەی"ب"ی هەمان ماددەشدا هاتووە، "قسەکردنو وتوێژو دەربڕین لەبوارە فەرمییەکاندا بە هەر یەك لەدوو زمانەکە دەبێت، وەك ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیرانو دادگاو کۆنگرە فەرمیەکان.

*- لەجاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ماددەی38یشدا هاتووە"زمانو کەلتوری هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێت، لەلایەن میدیاو پەیوەندیەکانی سەرانسەری جیهانەوە وەك یەكو بێ جیاوازیکردن لەگەڵ ئەوانیتردا تەماشا بکرێت .

دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆرە ئێمەی رۆژنامەنوسان داوامانکردوە، لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەبەرئەوەی زمانی کوردی دووهەمین زمانی فەرمییە دەبێت لەناو پەرلەمانو لەشوێنە فەرمیەکاندا قسەی پێ بکرێتو عەرەبیش ناچار بکرێت رێز لەزمانو ناسنامەی کوردی بگرن، بەتایبەتی کە پێویست بوو لەدوای ساڵی2003وە کە کورد چونە بەغداد زمانی کوردی بە فەرمی بناسراییەو قسەو کاری پێ بکرایە.

لەدوای تاوانەکانی ئەنفالو هەڵەبجە باشترین دەرفەت بۆ کورد رەخسابوو، ناسنامەی خۆی بسەپێنێتو حکومەتی بەغداد نەك ناچار بوایە بە فەرمی زمانی کوردی بناسێت، بەڵکو پێویست بوو ناچار بکرایە داوای لێبوردنی لەگەلی کورد بکرایە، کە ئەمانە نەکراونو هەر زوو بەرپرسانی کورد بێ مەرج گەڕانەوە باوەشی بەغدادو هیچ یەکێك لەو کارانەشیان ئەنجام نەدا کە پێویست بوو بۆ گەلێکی ستەمدیدەی وەك کورد بکرێت.

ئەوەشی دوای دەربازبونی6-7ساڵ لەجێگیربونی کورد لەبەغدادو بەشداری سیاسیو پەرلەمانو ناوەندی بریار، لەساڵی2011دا دوای فشاری زۆری رای گشتی خەڵكو دڵسۆزانی دۆزەکە، ئێستا ئەم پرسی قسەکردن بە زمانی کوردی لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا بۆتە خاڵی ناکۆکی، هەر یەك لەوانە پشکی زوو دەستپێشخەری بۆ قسەکردن بە زمانی کوردی لەئەنجومەنی نوێنەران بۆ خۆیان رادەکێشن.

من پێموایە کارکردن بەم جۆرە لەسەر پرسە نەتەوەییەکان لەسیاسەتێکی ناکامڵو پێنەگەیشتوانە زیاتر هیچی تر نیە، کەی پێویستە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆزەدا بکرێت، لەکاتێکدا دەبێت کورد لەبەغداد زۆر لەوە پێگەیشتوانەتر مامەڵە لەگەڵ پرسی نەتەوەییدا بکات، کەواتە لەبەرچی

**لەچەند ساڵی رابردوودا زمانی کوردی بەبیری سیاسیەکاندا نەهاتوەو هەوڵ نەدراوە قسەو کاری پێ بکرێت، کە لە خولی رابردوودا پڕ سەنگتر بوین؟، کە وایە ئێستا ناتوانرێت بە فەرمی قسەکردن بە کوردی لەپەرلەمانی عێراق، بە دەستکەوت بژمێردرێتو بە گەل بفرۆشرێتەوە، چونکە زۆر کۆنەو وادەی ئاسایی خۆی بۆ دەسەڵات لەدەستداوە، پێش ئەوەی سیاسیەکان ئەم پرسە بەرنە بەغداد، رای گشتی خەڵك بیری خستنەوەو فشاریکردوە کە ئێمە نەتەوەی دووهەمین، بێجگە لەوەی مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت، کە کورد لەرابردووی سیاسی عێراقدا بەهێزترو پڕ سەنگتر بون لە ئێستا، بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێت زۆر کەمو لاوازە بۆ کورد، لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا دەستکەوتەکان بۆ کورد گرنگترو زۆرتر بوون.**

**بەیانی11ی ئازار لەرووی ناوەڕۆکی سیاسییەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورە بوو بۆ کورد، یەکەمجار بوو کە مافی سیاسیو فەرهەنگی کورد بە رەسمی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بسەلمێنرێت*، یەکەمجار بوو لەمێژووی عێراقدا مافە سیاسیو فەرهەنگیەکانی کورد بسەلمێنرێت، بڕیار درا کە ماوەی چوار ساڵ گفتوگۆ لەسەر کێشەو وردەکارییەکانی نێوان کوردو حکومەتی عێراق بکرێتو پڕۆژەی حوکمی زاتی گەڵاڵە بکرێت، تا کورد لەسنوری کوردستاندا ئیدارەی حوکمی خۆی بکات.**

**چوار ساڵی نێوان ئازاری1970-74بۆ کورد لە عێراق بەراورد بە ساڵەکانی پێشوو ماوەی زێڕین بوو، لەو ماوەیەدا ئاشتی بە تەواوی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، زەبرو زەنگی حکومەت تا رادەیەکی زۆر نەمابوو، باری ئابوریو ئاوەدانی، خوێندنو خوێندنی باڵاو رۆشنبیریو وێژەیی بوژانەوەیەکی گەورەیان بەخۆیانەوە بینیبوو، هەتا مۆرکردنی رێککەوتننامەی جەزائیر لە6ی ئازاری1975دا، کە ئیدی پەیوەندی کورد لەگەڵ حکومەت تێکچوو."**

**بێگومان تێکچونی پەیوەندیو هەڵگیرساندنەوەی شەڕو پاشان ئاشبەتاڵ هۆکارەکەی بۆ سیاسەتی هەڵەی سەرکردەکانی کورد دەگەڕێتەوە کە نەیانتوانی باش سوود لەم دەرفەتە باشە وەربگرن، کە رژێمی ئەو کاتەی عێراق بۆ کوردی فەراهەم کردبوو.**

**سەرچاوە* :ئەنفال کوردو دەوڵەتی عێراق، شۆڕش حاجی رەسوڵ، چاپی دووەم،2003 ل29.**

**Friday, March 18, 2011**

**Stare_arif@hotmail.com**